# سێ ژیانی ئالتوون ... لە ئەنادۆڵەو بۆ ئالبی،

**خوێندنەوەی : شێرزاد هەینی**
Sherzad55@hotmail.com



**ئالتون باساران**




**بەرگی یەکەمی کتێبەکە**

**ئالتون باساران نووسەری کتێبی سێ ژیانی ئالتوونە بە زمانی سویدی، کتێبەکە بە هاوکاری ژنە نووسەری سویدی ئەنیکا توور نووسراوەو لە ساڵی 2004 لە سوید بڵاوکراوەتەوە، هاوکارەکەی نووسینی زۆری لە سەر هاولاتیانی نەتەوەکانی تری ناو سوید هەبووە.**

لە ئەنادۆڵەوە بۆ ئالبی. ژیان ڕۆژانەی تایبەتی و خێزانی ئالتوون باسارانە، کتێبەکەی کردیتە سێ بەش، سێ ڕۆژانی کۆشش و خەبات و ماندووبون و ولات و تاراوگە.

بەشی یەکەمی کتێبەکە لەو گوندە کوردییەوە دەدوێت کە زێدی ئەوو ماڵباتەکەی بووە، باسی خێزانیکی گەورەو کوردەواری دەکات، لە سەرچاوەی ژیان و ڕۆژانەو ڕەچەلەکی خۆیان دەدوێت، لەو گوندەدا 5 ساڵ دەچێتە بەر خوێندن و لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە بەنادڵی بە شوودراوە، پیاوێك دەکردێتە هاوسەری هەرگیز ناویشی نەبیستبوو. لە ناوەندی هەشتاکان لەبەر ڕەوشی سیاسی و کاری سیاسی هاوسەرەکەی هاتوونەتە ولاتی سوید، لە ناوچەی ئالبی شاری ستۆکهۆلم ژیاوە، ئەوەش قۆناخی دووەمی ژیانیەتی، بەشی دووەمی ژیانی لەو شارەو لە کەلتووره نوێیەکەو مەیدانی کارو فێربوونەوە دەست پێدەکات، دیارە ئەوەش بەردەوام نابێت، پاش ئەوەی لە ساڵی 1991 لە ڕێگای سەفەریان لە یوگۆسلافیاوە بەرەو تورکیا بە کارەساتی ئوتۆمبێل مێردو کیژە گەورەکەی لەناو دەچێت.

لەو یاداشتنامەیەدا نووسراوە، لەبەر خۆشەویستی مێردەکەی و خەونی بەردەوامی بە ئالای شەکاوەی کوردستان لە گۆرستانەکەیان کێلەکەی لە ئەنقەرە بە سێ ڕەنگی ئالای کوردستان نەخشاندووە.

لە بەشی یەکەمیدا چەند ناونیشان و بیرهاتنەوەو تۆماری کردیتە ناوەرۆکەکەی، وەك باوکە گوزەران باشەکەی کە چەند ژنی هێناوەو وەك پاشایەك ژیاوە. سەردەمی مناڵییەکەی بەهەشت بووە. زمانی کوردی لە هەموو شوێنێك قەدەغەبووە. فرمێسکی ڕۆژی بووکینی و بە شوودانی بەبێ پرسین و خۆشەویستی. ئەوەش نەخۆشییەکە لەسەری راوەستاوە.

لە بەشی دووەمیش گەیشتنەوەی بە مێردەکەی لە سوید، پاش ئەوەی ئەو بەناچاری تەنیا روو لە ولاتی سوید دەکات، ئەویش لەگەڵ مناڵەکانی دێتە سوید، ئەو پێنج ساڵەی بەیەکەوەیان رابواردووە ئالانی کوری و دیلانی کیژی بەیەکەوە بە خۆشی ژیاون، پاش تەواوکردنی خوێندنە سەرەتاییەکانی زمانی سویدی، کاریشی بۆ بژێوی ژیانی لە سوید وەرگرتووە.

ئالتون چەندین بەرنامەی کۆمەلایەتی و ئابووری هەبووە تا سەرمایەو دەستکەوتی ماڵەوەیان بەرز راگرێت، زۆر ڕێنمایی ساڵی مێردی کردووە تا کەمتر پارە لە یاری سەرف نەکات. بە کاری بەردەوام و بەرنامەی ئابووری توانیویانە ڕێستورانێك بکڕن و مارسیدسێکی خاوێن بکڕن، مناڵەکانی لە قۆناخەکانی خوێندنیان دابمەزرێن.

سەفەری ئاوارەکان بۆ ئەو ولاتانە بۆ چەندین مەبەست بووە، پیاوەکەی ئەو کە ناوی ( ساڵی ) لە سوید هەڵبژاردووە بە کێشەی سیاسییەوە لە ولات دەرچووە، وەك خۆی نووسیویەتی کێشەی ڕۆژانەیان زۆربووە، بەڵام لە ڕێکخراوە کوردییەکانی ناو ستۆکهۆلم بەیەکەوە کارا بووینە، لە گەڵ ژنانی کورد و تورك و نەتەوەکانی ترو سویدییەکان چاپوك بووە.

لە فڕین و سەفەر بە فڕۆکە ترسان و نیگەرانی، هەوستی سەفەریان بۆ بەشداری ئاهەنگی بەهاری خوشکی و سەردانی خزم و کەسوکارو هەناسەی ناو ولات، بۆ چەند ڕۆژێك دەروازەی ڕێستورانەکەیان داخستووەو بریاری سەفەریان بە ئوتۆمبێل داوە، هەموویان بە ڕێگای دووری ناو دانیمارك و ئەلمانیاو پاشان ولاتانی تری ئەوروپای خۆرهەلات، تا لە ناو یوغوسلافیا سووتاوی ناو شەڕی ناوخۆ سەفەریان کردووە، بەڵام لەناو ئەو ولاتە گەرم و سوتاوە، لەگەڵ بەربەرەکانی توندی شەڕی خوێناوی ئەوانیش خوێنیان ڕشتووە، لۆرییەك ئوتۆمبێلەکەی ئەوانی پانکردنەوەو ژیانی مێردەکەی و کیژە عازەبەکەی بردووە، کە چاوی کردیتە لەناو خوێن و ژان هەناسەی زەحمەت

دێت و خزمەکانی بەسەرییەوەن. لەو ڕەوشە تەندروستیە خراپەوە سەفارەتی سوید تیمێك پزیشکیان بۆ دابین دەکات، لە نەخۆشخانەی بەلگراد ڕزگاریان دەکات. ئەوو هەردوو کورەکەی بە چاودێری پزیشکەکان دەگەڕێنەوە سوید. هێشتا هۆشی نەهاتۆتەوە بەر، تا هەست بکات مێردەکەی و کیژەکەی نەماون، بە مردوویی خزمەکانی بردویانەتەوە تورکیاو لە ئەنکەرەش نێژراون.

لەو بەشەدا باسی ڕۆژانی ئەو ڕێگا دوورەو گەشتی ناو وڵاتەکان و چاوەڕوانی و زوو گەیشتنی نووسیوەتەوە، برین و هەواڵی زامی هەمووانی باسکردووە.

چەند ڕۆژ لە ژێر چاودێری دکتۆرەکان ماوەتەوە، نەشتەرگەری قاچی بۆ کراوە، ڕۆژانە براو کەسوکاری لەسەر سەری ماونەتەوە، کە بەهاری خوشکی بە چاوی بە فرمێسك و ڕەشپۆشی بینیووە دڵی خۆرپەی کردووە، ترساوە گومانی لە ڕاستی مانەوەی کیژە جوان و هاوڕێ و نازدارەکەی، هەواڵی پیاوەکەی کە لە نەخۆشخانەکانی بلگرادن لا دروستبووە، پاشان بە دیتن و زانینی چەند پسپۆری دەروونناسی سویدی هەواڵی مردنی یەکسەری کارەساتی پیاوەکەیان پێوتەوە، کیژەکەی زوو مردووە.

ڕۆژانێکی ژیانی پاش سەردانی زۆری نەخۆشخانە،چاودێری هەردوو کورەکەی و داخراوی ڕێستۆرانەکەیان، ( ئاردا ) ی کوری ناچاری کردووە بچێتە بۆتیگی جلوبەرگ و پۆشتەی ڕەنگین بکڕیت، بە دایکی بڵێت دایە گیان دەبی تۆ وەك جاران ببیتەوە دایکمان وەك جاران بژیت، وەك جاران پۆشتە بیتەوە، ئەو ڕۆژانەی وەك مێروولە ناو ناوە، چۆن هێدی هێدی هەڵدەگەڕێت، سەردەکەوێت، هێدی هێدی سەرکەوتووەو بەشداری ژیانی بە چاوو دیدە ترەوە کردیتەوە. بەڵێ وەك مێروولە بەڵام ڕەش نا ...

بە سویدی بەڵام بە هەستی کوردەواری پەنسی دیلانی کیژی جوانەمەرگی کردووە:

ئەو دەستی ڕاستم بوو، ڕووخۆش و باش بوو وەك دایکی، یارمەتی منی زۆر دەدا، ئارادی ساوای جاروبار دەبردە داگیس ( داینگە )، لە تەمەنی خۆی هوشیارترو زیرەکتربوو، ئەو بۆ من کیژو خوشك بوو، زۆر بەیەکەوەبووین. یەك ساڵ بەسەر مردنی هەردووکیان، سەردانی گۆڕەکەکانی کردبوون، بیریشی لەوە کردیتە بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵات.

پاش ئەوەی ژیانی ئاسایی خۆی گەراوەتەوە، چەندین نوسینی ژیاننامەی وەك خۆی خوێندیتەوە بۆیە بڕیاری ئەو تۆمارەی داوە. ئەو نووسینە 270 لاپەرەیەو ئەنیکا توور هاوکاری کردووە، بەڵام نووسین و چەشەکەی بیری خۆرهەڵاتی و کوردەواری پێوەیە، بە زمانێکی سادەو ڕەوان نووسراوە. دەست خۆش ئەو ژنە نوسەرە سویدییە کوردە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەو زۆر لاپەرەی ژیانی کوردانی ئەنادۆلی نووسیوەتەوە, جەورو سەتەمی ڕژێمی تورکیای دەرحەق بە کوردان زۆر ئاماژەی پێداوە.